بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی کوردستان

وەزارەتی وەرزش و لاوان کۆبوونەوەیەکی فرەوانی سازکرد

بە ئامادەبوونی (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کوردستان دوای نیوەڕۆ ٢٦/ ١٢/ ٢٠٠٦ لە هۆڵی ئاراس وەزارەتی وەرزش و لاوان کۆبوونەوەیەکی فرەوانی سازدا. سەرەتای کۆبوونەوەکە کە بە مارشی لاوان دەستی بەکارەکانی خۆی کرد و تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان وتاری خۆی پێشکەش کرد و تێیدا باسی لەوەکرد کە پێکهاتەی لاوان هەمەجۆرن و پرۆژەی نوێ بۆ لاوانی هەژار ئامادەکراوە کە لە هەمان کاتیشدا پرۆژەیەکی پێشکەش بە پەرلەمان کراوە کەلیژنەی تایبەت دابەزرێ لەنێو پەرلەمان لەسەر ڕەوشی لاوان، لە درێژەی وتارەکەی وەزیری وەرزش و لاوان باسی لەوەش کرد کە ڕێگە بگیرێ لە کۆچی لاوان لە لادێ بۆ شارو بۆ هەندەران گوتیشی "کەمپی هاوینە بۆ ٢٠٠٧ ئامادەکراوە و ئەم پرۆگرامانەی ئێمە خەیاڵ نین، بەڵکو تەنها کاتی دەوێت" لە کۆتایی وتارەکەیدا بەرواری گوتی لاوان پرسی هەموومانە..

لەو کۆبوونەوەیەدا ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وتەیەکی پێشکەشکرد، باسی لەوەکرد لاوان لە ساڵانی رابردوو پێشمەرگەبوون و ژیانی خۆیان بەختکردووە و لاوان ڕۆڵێکی پێشەنگ بوونە و لاوانی کوردستان ڕێز لە لاوانی رابردوو دەگرن"وباسی لەوەش کرد نابێت لاوان پارچە پارچە بن و پەراوێز بکرێن،ئومێدیشی خواست کە سەرکەوتووبن لەکاری لاوانی کوردستان و گوتیشی چارمان لەلاوانی هەندەرانە لە تواناو هزرەکانیان لە پێناو خزمەتکردنی ئایندەی کوردستان.

پاشان تەها بەرواری وەزیری وەزرش و لاوان پرۆگرامێکی لەسەر توانا سازی لاوان پێشکەشکرد.

داواکاری کڕینی دۆلار لە بۆرسەکانی عێراق بەرز دەبێتەوە

اصوات العراق:

بانکی ناوەندی عێراق ڕایگەیاند کە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو داواکانی کڕینی دۆلار گەیشتە ١٦ ملیۆن و ٤٥٠ هەزار دۆلار بەرامبەر بە ١١ ملیۆن و ٦٣٥ دۆلار لە هەڕاجی یەکشەمەی ڕابردوودا. ئەمەو لە بەیاننامەیەکدا کە دوێنێ بانکی ناوبراو بڵاویکردۆتەوە هاتووە کە داواکارییەکانی کڕین دابەشبوونە بەسەر ٨٠٠ هەزار دۆلاری نەقدو ١٥ ملیۆن و ٦٥٠ هەزار دۆلار بەشێوەی (حەواڵە) بۆ دەرەوەی عێراق، نرخی فرۆشتنیش ١٣٤٥ دینار بوو بۆ هەر دۆلارێك، ئەم نرخەش (٧) دیناری کەمترە لەوەی ڕۆژی دووشەمە، لە لایەکی تردا ،بەیاننامەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە کۆی ئەو ٦ بانکەی لە هەڕاجی دوێنێ سێ شەمەدا بەشداربوون، بڕی ٩٠٠ هەزار دۆلاریان بۆ فرۆشتن هەڕاجکردووەو بانکی ناوەندی عێراق کۆی پارەکەی بە نرخی ١٣٤٣ دینار بۆ هەر دۆلارێك کڕیوە.

پتر لە (٣) ملیۆن عێراقی لە نێو سوریادایە

کارزان حەمید -دیمەشق

عێراق کە یەکێك لەو وڵاتانە بوو لە سەردەمانێك هەموو جیهان ڕوویان تێی دەکرد، وڵاتێکیش بوو لە بواری ڕۆشنبیری و بواری هونەری ئەدەبی لە پلەی یەکەمی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، بەڵام ئەمڕۆ عێراق دوای پرۆسەی ئازادی و باڵادەست بوونی گروپە تیرۆریستییەکان و دروستبوونی بۆشایی لە نێوان خەڵك و حوکمڕانی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس، هەزارەها هاوڵاتییانی عێراق لە سەرجەم شارەکانی بەرەو تاراوگە چوون و یەك لەو وڵاتانە کە عێراقییەکان ڕوویان تێکرد وڵاتی سوریایە، ئەویش بەهۆی نزیکبوونی لە عێراقەوەو هاوسۆزییەك لەنێوان هەردوو وڵاتدا..

ئەو عێراقیانە کە روو دەکەنە وڵاتی سوریا زیاتر دوو بەشن، بەشێکیان: ئەوانەی وەکو تاراوگەو خۆیان لەو وڵاتە گیراسانەتەوە لەترسی مردن و کوشتن و تیرۆر کە ئەمڕۆ لە سەرتاسەری عێراقدا هەیە. بەشێکی تریان: ئەوانەن کە وەکو کارکردن و گەشت دەچن بۆ ئەو وڵاتە..

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکرنە چەندین سەرچاوەی سووری -عێراقی پێی ڕاگەیاندوین کە پتر لە (٣) ملیۆن عێراقی بە هەموو ڕەگەزەکانیەوە لە سوریا نیشتەجێن، بەتایبەت لە گەڕەکەکانی (مەساکن بەرزە، روکن دین، جەرمانا، سەیدەزەینەب) و هاوڵاتییەکی دروزی سووری پێمانی ڕاگەیاند کە پتر لە نیو ملیۆن عێراقی لە گەڕەکی جەرمانە نیشتەجێن و کاردەکەن لەو گەڕەکە، بە مەبەستی زانینی ڕەوشی عێراقییەکان و ڕاپرسێ دەربارەی ژیانیان هەندێك لەو عێراقییانە پێیان گوتین کە چەندین شەڕ ڕوویداوە لە نێوان سووری و عێراقی بەهۆی ئەوەی کە عێراقییەکان کاردەکەن بەنرخێکی کەمتر لە سوریەکان.سەردانی باڵیۆزخانەی عێراقیان کرد لە سوریامان پێیان ڕاگەیاندین کە ئەوان هیچ نازانن و لەلایەن جێگری باڵیۆزخانە پێشوازی کراین و گوتی: من هیچ نازانم و هیچ شتێکمان نییە جارێ، چونکە تازەکراینەوەو دەسەڵاتمان دیارنییە.

لە هەمان کاتدا هاوڵاتییەکی سوری بە ناری لوئەی ناسراو بە (ئەبو حازم) شتێکی زۆر سەیری پێڕاگەیاندین ئەویش کە لێرە عێراقی خودی عێراقی ئیستغلال دەکاو بەتایبەت شوفێرانی هێڵی دیمەشق-عێراق، ئەبو حازم گوتی: ئێمە سەرجەم خزمەتگوزارییان بەخۆڕاییە بەرامبەر بەوەی تۆ شووقەیەکی خێزانی بگری لە ٢٠تا ٥٠بە مەرجێك دانیشتوانی سیستەمی خێزان بەکاربهێنن" دیاربوو ئەبو حازم ئەو گلەیی و گازاندەی لەسەر ئەوەبوو کە شوفێران پارەیەکی زۆر حیساب دەکەن لەسەر هاوڵاتی بەتایبەت ئەوانەی دەچنە دکتۆرو شارەزانێن.

لەلایەکی ترەوە شوفێرێکی هێڵی دیمەشق-دهۆك باسی لەوە کرد عێراقی لە دوو شاری گرنگی سوریان ئەویش حەلەب و دیمەشق بەتایبەتی هاوڵاتییانی ناوەڕاست و باشوور بەرەو دیمەشق دەچن، هەروەها هەندێك لە هاوڵاتییانی کوردستانیش، هاوڵاتییانی باکوور بەرەو شاری حەلەب دەچن.

بودجەی ٢٠٠٧ی عێراق ٤١ ملیار دۆلار پەسندکرا

خالید ئەلعەتیە جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ میزانیەی ساڵی ٢٠٠٧ پەسندکرد، کە ٤١ ملیار دۆلارە.

ناوبراو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا دووپاتی کردەوە کە ئەم میزانیە دەدەینە دەست لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمان تا توێژینەوەی خۆیانی لەسەر بکەن و دوا ڕاپۆرتی لە بارەوە ئامادە بکەن، هەر لە دوای جەژنی قوربانیشدا لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا و لە سەرەتای ساڵی نوێدا دەنێردرێتە بەرێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکانی وڵات، بەپێی نەخشەیەکی دیاریکراویش میزانیەی سوپاو ئاسایش و پەروەردەو تەندروستی و پارێزگاکان لە چار ساڵی ٢٠٠٦ هەر هەمویان بۆیان زیاد کراوە کە بڕی (١١) ملیار دۆلار لە ساڵی پار زیاترە.

ئاسایش ١٦ گومانلێکراوی ئەنفالکەر دەستگیر دەکات

لە سنووری هەڵەبجەو دەوروبەری ١٦ کەس بە گومانی هەبوونی پەیوەندی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستییەوە (ئەنسارسونە) لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیرکران.

ئێستا هەر ١٦ گومانلێکراو لە ئاسایشی گشتیدا لە ژێر لێکۆڵینەوەدان و یەکێك لە گومانلێکراوەکانیش ئافرەتە، سەرچاوەیەکی بەرپرس لە ئاسایشی سلێمانی ڕایگەیاند: ئەم هەڵمەتە پەیوەندی نییە بە دەستگیرکردنی ئەندامانی هیچ پارتێکی ئیسلامییەوە، بەڵکو بەپێی هەندێك زانیاری کە دەستمان کەوتووە ئەوانە سەر بە گروپێکی تیرۆریستین و ئێستاش لە ژێر لێکۆڵینەوەدان، هەر کامێکیش لەوانە هیچی بەسەردا ساغ نەبێتەوە ئازاد دەکرێت

سیاسیەکانی عێراق لەکۆتایی ساڵدا

کۆبوونەوەو کۆنگرەکانی ئاشتەوایی ڕەوشەکەی ئاڵۆزتر کردوە

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕۆژەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ دا سیاسیەکانی عێراق، ڕەشبینی خۆیان بۆ ئەدای سیاسی و ئەمنی و بارو گوزەرانی هاوڵاتیانی عێراق ڕادەگەیێنن. لەوبارەیەوە ،مەهدی حافز لەلیستی ئەلعراقیە دوودڵی خۆی لە بریار و ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەکانی ئاشتەوایی ڕاگەیاندو پێی وایە کە ئەو کۆبوونەوانە ئەوەندەی بارەکەی ئاڵۆزتر کردوە ئەوەندە سوودی بۆ ئاشتەوایی ناوەخۆ نەبووە.

جەلالەدین سەغیر دەڵێ زۆر کاتمان بەسەربرد و زۆر کۆبوونەوەمانکرد بەڵام بێ ئەنجام دەڕچووین.

لەلیستی تەوافق ی سەربەسونەکان،عەدنان دلێمی کە بەشداری کۆنگرەی پشتیوانی بەناو مقاومە ی لە تورکیادا کرد،

بەو بەشداربیەی وەك سەرچاوەیەك لەسەرۆکایەتی ڕوونیکردوە پەرلەمانی عێراقی ڕوونیکردوە کە لیستی تەوافوق و دلێمی دوو هەڵوێست و دووسیاسیەت لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسیەکانی دیکەی عێراقدا دەکەن و ئەوەش لەبەرژەوەندی عێراقیەکاندانیە.

پرسەنامە

بەریز هاوڕێ صدیق
بەریز بنەماڵەی کۆچکردوو

بەخەم وپەژارەوە هەواڵی کۆچی دایکی بەریزتان (ڕەحمە کەریم فەتاح)مان بیست ، بەم بۆنە خەمناکە پرسەو سەرەخۆشی خۆمانتا ئاراستە دەکەین و هیوادارین ئەوە دوا ناخۆشی بنەماڵەکەتان بێت. لەگەڵ ڕێزماندا

کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی
حزبی شیوعی کوردستان

لەمەڕ ڕەوشی کوردستان و عێراق و دواگۆڕانکارییەکان هاوڕێ صوبحی مەهدی کۆڕێك لەهەلەبجەی شەهید سازدەکات

ڕۆژی ٢٢/١٢ کۆمتەی قەزای هەڵەبجەی شەهیدی حزبمان کۆڕێکی سیاسی بۆ هاوڕێ صوبحی مەهدی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان ، لەمەڕ دوا گۆڕانکاری و پیشهاتەکانی کوردستان و عێراق سازکرد. لەکۆڕەکەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێیان و دۆستان ئامادەی ببون ، هاوڕێ سوبحی مەهدی تیشکی خستە سەر باری سیاسی و ئابووری کوردستان و عێراق و پاشان ئامادەبوان پرسارو تێبینی و سەرنجەکانیان لەکۆڕەکەدا خستە ڕوو. و کۆڕەکە نزیکەی ٢ کاتژمێری خایاند.

تا ئێستا (٩) کەس دەبنە قوربانی ئەنفلەوەنزای باڵندە لە میسردا

ئاژانسەکانی هەواڵ:

لە بەیاننامەیەکدا کە وەزارەتی تەندروستیی میسر بڵاویکردۆتەوە ئاماژە بەوە دەکات کەکچێکی تەمەن ١٥ ساڵان ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو بەهۆی ئەنفلەوەنزای باڵندە گیانی لە دەستداوە، بەمەش کۆی ئەو کەسانەی لەوەتەی مانگی شوباتی ئەمساڵەوە بەهۆی ئەم پەتایە گیانیان لە دەستداوە دەبێتە (٩) کەس و (١٧)کەسیش تا ئێستا هەڵگری ڤایرۆسی (H5N1)ن، لە میسردا. شایانی باسە تا ئێستا لە کوردستاندا هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی ڕاینەگەیاندووە کە کەسانێك هەبن هەڵگری ڤایرۆسی کوشندەی ئەم پەتایەبن.

ئاماریکی گشتگیری بێکاران عێراق لەوەتەی ساڵی (٢٠٠٣)وە

ئەلشەرقئەلئەوسەت:

وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی خەریکە ئامارێکی گشتگیر لەبارەی ژمارەی ئەو بێکارانە ئامادەبکات کە لەوەتەی ساڵی (٢٠٠٣)وە تاکو کۆتایی ئەمساڵ، لە بنکەکانی کارو ڕاهێنانی پیشەیی لەبەغداو پارێزگاکان ئانووسکراون، لەمبارەیەوە (عەبدوڵلا ئەللامی) ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوبراو بە "ئەلشەرقئەلئەوسەت)ی ڕاگەیاندووە کە ژمارەی ئەو بێکارانەی تا ئێستا ناویان تۆمارکراوە لە بەغداو پارێزگاکاندا گەیشتۆتە ٩١٩ هەزارو ٣٣٥ بێکار، کە ٨٣٢٣٩٤ بێکار نێرینەن و ٨٦٩٤١ بێکاریش مێینەن.

ڕا پۆرتێك لە ڤیستیڤاڵی

یادی ٥٠ ساڵەی کۆچی دوایی مەلیك مەحمود

سلێمانی - سمکۆ ڕەشید

لەژێر چادێری بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ لە ڕێکەوتی ٢٣ / ١٢ / ٢٠٠٦ لەهۆڵی ڕاپەڕینی زانکۆی سلێمانی بەئامادەبوونی نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان و مامۆستایانی زانکۆ و بنەماڵەی شێخ مەحمودی حەفید ڤیستیڤاڵی یادی ٥٠ ساڵەی کۆچی دوایی یەکەم مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی نەمر ڕێکخرا.

سەرەتای دەستپێکردنی ڤیستیڤاڵ بەدەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شێخ مەحمودی نەمرو سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان. وتاری ڤیستیڤاڵ لەلایەن بەڕێز د. کەمال فوئاد سەرپەرشتیاری ڤیستیڤاڵەکە خوێندرایەوە، کە دوای بەخێرهاتنی میوانەکان بۆ یادکردنی مەلیکی کوردستان د. کەمال ئاماژەیدا بە سازدان و ئامادەکردنی ئەم یادەو بەرز ڕاگرتنی مەلیك مەحمود لەشاری سلێمانی. لەبەشێکی تری وتارەکەیدا د. کەمال فوئاد بە بەڵگەنامە مێژووییەکان سەلماندی کە شێخ مەحمود و هاوکارانی نمونەی ئیدارەی شارستانی و گرنگی یان لەو سەردەم دەستەبەر کردووە، ناکرێ ڕوداوەکانی ئەو کات بەدیدو تێڕوانینی ئەمڕۆ پێوانە بکرێن. دواتر بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ وتەیەکی لەم یادەدا پێشکەش کردو، گوتی لەم سەردەمەدا کەم لە میللەتان یادی مەلیکەکانیان دەکەنەوە. کە بە پێچەوانەوە شۆڕشیان دژ دەکەن و پەیکەرەکانیان دەڕوخێنن، بەڵام مەلیکی ئێمە کوردستان بە هەڵبژاردەو پەسندکردنی کۆمەڵانی خەڵکە کوردستانە. لەدڵی هەموو کوردێکی بەشەرەف و ئازا دا دەژیت و لەناو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هاتووە، چونکە نەك شۆڕشی دژ دەکرا، بەڵکو خۆی شۆڕشی بەرپا دەکردو خۆی ڕێبەری شۆڕشەکانی دەکردو لەپێناوی ڕزگارکردنی کوردستان و بەدی هێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، لەبەشێکی تری وتەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە شێخ مەحمود یەکێك بوو لەو سەرکردانەی کە خۆی بەشداری هەڵمەتی شێرانەی خەباتو تێکۆشانی کردوەو، بریندار بوونی لە بەردە قارەمان بەڵگەی ئەو ڕاستییەن و هەروەها سەرۆك کۆماری عێراق ئاماژەی بەوە کرد کە مەلیك مەحمود دوولایەنی گرنگی لەژیانی سیاسی و تێکۆشانی بەرجەستەکرد بوو یەکەمیان، ئەوەبوو مەلیك مەحمود کەسایەتیەکی ئایینی بوو، دووەمیان کەسێکی شۆڕشگێڕو کوردپەروەر بوو کە دوو سیفەتی خودی مەلیك مەحمود بوون. دەربارەی پشتیوانی و هاوکاری مەلیك مەحمود لەئازادی خوازان و شۆڕشگێڕانی تری عێراق، یەکەم جار بووە لەمێژووی هاو سەربازی و هاوپەیمانی کوردو عەرەبدا کە شێخ بە ٤٠٠ سواری کوردەوە چوەو بۆ خوارووی عێراق لەوێ لەگەڵ برا شیعەکان دژی لەشکری ئینگلیز کە هاتووە بۆ داگیرکردنی عێراق جەنگاون و لەو سەردەمەوە دۆستایەتی و هاوپەیمانی پتەو لەبەینی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق لە شیعەو کوردستان دروست بووە.

لەتەوەرێکی تردا تاڵەبانی باسی ئەوەی کرد مەلیك مەحمود لەکاری دیبلۆماتی و هاوپەیمانی کەم تەرخەمی نەکردووە لەسەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لەساڵی ١٩١٨ بەسەر قەیسەری ڕووس دا بە ڕابەرایەتی (لینین) شێخ مەحمود نامەی بۆ (لینین) نارد کە هاوکاری و پشتگیری بکات.

پاشان پەیامی بەڕێز (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان خوێندرایەوە کە ئاماژەی بەیادکردنەوەی کۆچی دوایی یەکەم مەلیکی کوردستان